گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper27

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 2022/01/02
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2022/03/08
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 2024/4/29
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# دەوروبەری دەقئاوێزانی لە گوتاری سیاسیی کوردیدا؛ گوتاری ڕیفراندۆم وەک نمونە

**سروە فيصل عزيز[١] - ديار علي كمال[٢]**

srwa.faisal@gmail.com - darya80s@gmail.com

[١]بەشی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢]سکولی زمانە بیانییەکان، زانکۆی پەکین

## پوختە:

دەوروبەری دەقئاوێزانی(intertextual context)، ڕوانگەیەکی بەکارهێنراوی نۆرمان فێرکڵەفە Norman Fairclough (1941– ) لە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی گوتاردا، کە کار لەسەر ڕونکردنەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی گوتار دەکا، کە چین و لە کوێ لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا لە پێوەندیدایە؟ ئەم بابەتە لە ئاستی دوەمی شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی گوتاردایە، کە بە ئاستی لێکدانەوەی گوتار ناسراوە، بەشێکی گرنگە و دەیەوێ لە ڕێگەی لێکدانەوەی دەوروبەری دەقئاوێزانی گوتارێکی بەردەست، بە سەرچاوە مەعریفییە هاوبەشەکانی بەشداربوانی گوتارەکە بگا، بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە بە لێکدانەوەیەکی هاوبەش بگا، چونکە لەم ڕوانگەیەوە هەر گوتارێک و لە ڕاستیدا هەر کردەیەکی زمانی، لە پێوەندییەکی قوڵدایە لەگەڵ کۆمەڵێک دەقیتر. بۆیە ئێمە لەم ڕێگەیەوە، دەمانەوێ وەکو پرسیاری ئەم توێژینەوەیە، بەدوای دەوروبەری دەقئاوێزانی گوتاری ڕیفراندۆم بگەین.

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (دەوروبەری دەقئاوێزانی لە گوتاری سیاسیی کوردیدا؛ گوتاری ڕیفراندۆم وەک نمونە)یە، هەوڵێکە بۆ لێکدانەوە و تاڕادەیەکی زۆریش دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی گوتاری ڕیفراندۆم. سنوری داتا وەرگیراوەکان، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، سەرجەم وتارە ڕوبەڕوەکانی مەسعود بارزانین، کە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم، پێشکەشیکردون. لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەسفیی شیکاری بەکارهاتوە؛ سەرەتا بە مەبەستی ئامادەکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری، هەوڵدراوە ڕوانگەی فێرکڵەف سەبارەت بە دەوروبەری دەقئاوێزانی بخرێتەڕو؛ دواتریش نمونە بەرجەستەکانی ئەم دەرکەوتنە دەقئاوێزانییە لە گوتاری ڕیفراندۆمدا خراونەتەڕو.

**وشە کلیلییەکان:** گوتار، گوتارشیکاریی ڕەخنەیی، لێکدانەوە، دەوروبەری دەقئاوێزانی، گوتاری ڕیفراندۆم

## پێشەکی

مرۆڤ لەو کاتەوەی، کە زمانی بۆ ئاراستەکردنی ژیانی خۆی و دەربڕینی هزر و خستنەڕوی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێناوە، هەمیشە ئاگایانە یان نائاگایانە، مەبەستی بوە گەورەترین کاریگەری لەسەر بەرامبەر و دەوروبەری خۆی دروستبکا. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردوەتەبەر ئامراز و ڕازاندنەوە و بەکارهێنانی زۆر ڕەگەز، کە زانیویەتی لە مەبەستەکەی نزیکی دەکەنەوە.

گوتار وەک ئەدایەکی زمانی، کە مرۆڤ وشیارانە هەوڵی ڕۆنانی دەدا، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ڕەگەزە، کە هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان و کاریگەریدانانی بۆ دەڕەخسێنن. یەکێک لەم تایبەتمەندییانە، پەنابردنەبەر ئەزمونە هاوبەشە هۆشەکی و ئەزمونیی و یادەوەرییەکانە؛ چ لە ڕابوردو و چ لە ئێستادا.

یەکێک لە ئەرکەکانی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی ڕونکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی گوتارە، کە بەرهەمهێنی گوتار سودی لێوەرگرتون بۆ ڕۆنینی گوتارەکەی. چونکە لە ڕێگەی گەیشتن بەو سەرچاوانە دەگەینە لێکدانەوەیەکی هاوبەشی نێوان بەشداربوانی گوتارەکە و ئیدی ئەو پێشگریمانە و پەیوەندییە شاراوانەی گوتار لە نێوان بەشداربوانی گوتارەکە ڕونتردەبێتەوە.

دەوروبەری دەقئاوێزانی، کە لە گوتارشیکاری ڕەخنەیی فێرکلەفدا، لە ئاستی دوەمی شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی گوتاردایە. دەیەوێ لە ڕێگەی لێکدانەوەی دەوروبەری دەقئاوێزانی گوتارێکی بەردەست، بە سەرچاوە هاوبەشەکانی گوتارەکە بگا؛ چونکە لەم ڕوانگەیەوە هەر گوتارێک و لە ڕاستیدا هەر کردەیەکی زمانی، لە پەیوەندییەکی قوڵدایە لەگەڵ کۆمەڵێک دەقی تر. سەرچاوە هاوبەشەکان بەو مانایەش، کە ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵە دەق و وتەیەک لە مەودایەکی فراواندا، هەلومەرجی کاریگەریی و هاوبەشیی زەینی لەناو زۆرترین گوێگر و جەماوەردا ئامادەدەکەین.

لەم ڕوانگەیەوە و بە سەرنجدان لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری ڕیفراندۆم و ئەو پاشخانە مێژویی و زەینییەی، کە لە پشت ئەم گوتارەوە هەبون، ئەم توێژینەوەیە بەو گریمانەیەوە، کە گوتاری ڕیفراندۆم مەودایەکی بەرینی دەروبەری دەقئاوێزانی لەخۆی گرتوە و تەنانەت یەکێک لە ڕەهەندە زاڵ و کاریگەرەکانییەتی، دەستپێدەکا و، هەوڵدەدا سەرچاوەکانی دەستنیشان بکا. وەکو داتای توێژینەوەش، سەرجەم وتارەکانی "مەسعود بارزانی" سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم وەرگیراون، کە لە هەڵمەتی بانگەشەی ڕیفراندۆمدا، لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەشی جەماوەر کران. لەم توێژینەوەیەدا، بە مێتۆدێکی وەسفی شیکاری کار کراوە؛ سەرەتا بە مەبەستی ئامادەکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری، هەوڵدراوە ڕوانگەی فێرکلەف سەبارەت بە دەوروبەری دەقئاوێزانی بخرێتەڕو؛ دواتریش نمونە بەرجەستەکانی ئەم دەرکەوتنە دەقئاوێزانییە لە گوتاری ڕیفراندۆمدا خراونەتەڕو.

## 1- ڕوانگەی فێرکلەف بۆ گوتارشیکاریی ڕەخنەیی:

گوتارشیکاری ڕەخنەیی زاراوایەکی نوێیە، بۆ ڕێبازێکی شیکردنەوەی گوتار. بەپێی ئەو ڕێبازە، گوتار، زمانە لە بەکارهێناندا. ئەم ڕێبازە لە ناوەخۆیدا پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ ئەو چەمکانە هەیە کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکا، وەک گوتار، زمان، شیکردنەوە، ڕەخنە، بوارDomain، دەسەڵات...هتد. ڕێبازێکە هەتا ڕادەیەک سەربەخۆییەکی وەرگرتوە لە بەرامبەر ڕێبازەکانی دیکەی شیکردنەوەی دەق و گوتاردا، چونکە میتۆدێکی نێوان پسپۆڕییە بۆ زمان، ئامانجی گەشەپێدانی تێگەیشتنمانە لە چۆنیەتی دەرکەوتنی گوتار لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕۆنانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا.(Flowerdew J., Richardson J. E.: 2018: 1) واتە گوتار شیکاریی ڕەخنەیی شیکردنەوەی زمانە لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا و تێکەڵکردنی لێکدانەوەو تیۆری زمانی و نازمانییە، بە شێوازێک، لە خزمەتکردنی تێگەیشتنی زیاتری کۆمەڵگە و ڕۆنانی گوتار و پەیوەندییەکانی بێ.

گوتارشیکاریی ڕەخنەیی تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ گوتار و هەمو ڕێبازەکانی لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون، کە گوتار فۆرمێکە لە فۆرمەکانی بەکارهێنانی زمان و یەکێکە لە دەرکەوتنەکانی کردەی کۆمەڵایەتی (ڕوث فوداک، میشیل مایر: 2012 : 61). نەک هەر تەنها ناساندنی گوتار، بەڵکو پەیوەندییەکانی ئەو زاراوەیە لەگەڵ دەسەڵات و هەژمونی کۆمەڵگا، شیدەکاتەوە و زمان لە ناو بەکارهێنانی کردەییدا دەهێنێتە بەر تیشکی توێژینەوەکان.

نۆرمان فێرکلەف خاوەنی ئاڕاستەیەکی جیاوازە بۆ گوتارشیکاریی ڕەخنەیی، ئەو ئاڕاستەیەی زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی بەسەردا زاڵە و بە ڕەچاوکردنی گرنگیی شیکردنەوەی کردە کۆمەڵایەتییەکان، ئێستا ئەم ڕێبازە بڵاوترین میتۆدە بۆ شیکردنەوەی گوتار، بەتایبەتی گوتاری میدیا و گوتاری سیاسی. فێرکلەف خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە، کە سەرچاوەی سەرەکین بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار.


فێرکلەف پێیوایە ئامانجی ڕێبازەکەی هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری سەبارەت بە زمان و دەسەڵات، بەتایبەتی چۆنیەتی بەکاربردنی زمان لە هەژمون سەپاندن بەسەر کۆمەڵێک خەڵکەوە لەلایەن کۆمەڵێکی دیکەوە(Fairclough, N.: 1989: 4).

ئەو چوارچێوە تیۆرییەی فێرکلەف دایمەزراندوە بۆ گوتارشیکاری ڕەخنەیی، لەسەر سێ تەوەر بەندە، ئەم دابەشکارییە بە دابەشکارییەکەی مایکڵ هالیدایMichael Halliday (1925– 2018) بۆ سێ ئەرکە سەرەکییەکەی زمان، کاریگەرە. بەڕای فێرکلەف گوتار سێ ڕەهەندی هەیە بریتین لە دەق، کارلێککردن و دەوروبەر. لەم ڕێبازەدا بۆ شیکردنەوەی هەر کردەیەکی پەیوەندیکردن، سێ تەوەری شیکاری بەپێی سێ ڕەهەندەکەی گوتار، هەن بریتین لە وەسفی دەق، لێکدانەوەی(گوتار) وەک پەیوەندی نێوان دەق و کارلێککردن و لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان کارلێککردن و دەوروبەری کۆمەڵایەتی.

## 2- لێکدانەوەی گوتار:

فێرکلەف 1989 لە هۆکاری دانانی ئەم قۆناغەی شیکردنەوەدا دەڵێ: قۆناغی وەسف لە گوتارشیکاری ڕەخنەییدا زۆر گرنگە بۆ دەرخستنی ئەو تایبەتمەندییە فۆڕمیانەی خاوەن بەهای ئەزمونی و پەیوەندی و دەربڕین، لەگەڵ لینکی پەیوەندی ئەو بەهایانە بەکردەی کۆمەڵایەتییەوە، کە پابەندی کۆتەکانی دەسەڵاتن. بەڵام وەرگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی دەق و وبەدەستگەیشتنی کاریگەرییان لەسەر ڕۆنانەکانی کۆمەڵگا ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەق و ڕۆنانە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکەیان ناڕاستەوخۆیە و یەکێک لە نێوەندگیرەکانیان گوتارە. ئەو تایبەتمەندییانەی دەق هیچ بەهاو کاریگەرییەکیان نییە و نابنە ڕاستییەکی واقیعی و کاریگەر لە کۆمەڵگادا، تەنها ئەگەر لە چوارچێوەی گوتار و کارلێککردنی کۆمەڵایەتیدا بن. واتە، لە چوارچێوەی بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی دەقدا، ئا لەوێدا تایبەتمەندییەکانی دەق بەها وەردەگرن.

لێکدانەوەی کردەی گوتاری بۆ تێگەشتن و دەرخستنی ململانێی دەسەڵات و چۆنیەتی هەژمون خستنەسەر بەرامبەر گرنگە، چونکە بەکاربردن و دەربڕینی دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەستڕاگەیشتن بە جۆرە جیاوازەکانی گوتار و بابەتە جیاوازەکانی، هەروەها دەکرێ ئەو دەسەڵات و هەژمونە بە شێوەیەکی ورد لە ڕێگەی دوبارە بەرهەمهێنانی ئەو گوتارە شیبکرێتەوە، واتە لە ڕێگەی لێکدانەوەی گوتار وەک کردەیەکی گوتاری، تایبەت بە چۆنیەتی بەرهەمهێنان، دەربڕین، بڵاوکردنەوە و کاریگەری ئەم گوتارە لەسەر بەرامبەر، شیکردنەوە بۆ دەسەڵات بکرێ (Van Dijk, T.:1989 :22) دواجار فێرکلەف لە ڕێگەی خشتەیەکەوە ئەو ڕێکارانەی پرۆسەی لێکدانەوە ڕوندەکاتەوە:




پرۆسەی لێکدانەوە ( نورمان فیرکلف: 2016: 195)

ڕێکخستنی ئەم خشتەیە بە شێوەیەکە، کە بۆ لێکدانەوەی ئەو بابەتانەی لە دەستە چەپی خشتەکەن، لێکدەرەوە پێویستی بەو سەرچاوانە هەیە، کە لە دەستە ڕاستی خشتەکەن. ئاماژەی نێوان بابەتاکانی لێکدانەوە و سەرچاوەکانیش دو لایەنەیە، چونکە ئەو سەرچاوانە بۆ بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی دەقەکان سودیان لێوەردەگیرێ. بەهەمان شێوەش لێکدانەوەی دەقەکان دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکە بۆ مەعریفەی لێکدەرەوە. دەکرێ بەرهەمهێنی دەق و وەرگری دەق و شیکەرەوەی دەقیش پرۆسەی لێکدانەوەی دەقەکان ئەنجام بدەن، چونکە فێرکلەف پێیوایە شیکەرەوەی گوتارەکان دەبێ وەکو بەشداربویەکی گوتارەکە مامەڵە بکا و لێکدانەوە بۆ دەقەکان بکا.

ئەم خشتەیە ڕادەی ئاڵۆزیی پرۆسەی بەرهەمهێنانی و لێکدانەوەی گوتار نیشاندەدا و دەبێ وردتر و قوڵتر چاو لە ئامرازە پێویستییەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوەی بکرێ.

### 3- دەوروبەری دەقئاوێزانی:

بۆ بەرهەمهێنانی هەر دەقێک، بەرهەمهێن دەتوانێ سود لە دەقەکانی پێشوتر وەربگرێ، یان بیانگۆڕێ، یان لەسەر بنەماکانی ئەو دەقە دەقێکی نوێ دابڕێژێتەوە. ئەم کردەیەش پێیدەگوترێ دەقئاوێزان. ئەم کردەیە بە هۆی تایبەتمەندیی دەقەکانەوەیە، کە باختین Mikhail Bakhtin (1895-1975) پێیوایە هەمو دەقێک تایبەتمەندییەکی گفتوگۆیی لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا هەیە. ئەم بۆچونەی سەبارەت بە پەیوەندی و گفتوگۆی

دەقەکان بۆ بۆچونەکانی جولیا کریستیڤا Julia Kristeva ( -1941) و باختین دەگەڕێتەوە، کە پێیانوابو بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ، بەرهەمهێن دەتوانێ سود لە دەقێکی دیکە وەربگرێ Kristeva, J. 1986.

جولیا کریستیڤا1986 دەڵێ هەر دەقێک، هەڵمژین و گواستنەوەی دەقێکی دیکەیە. فێرکلەفیش بە هەمان چەمک وەسفی دەقئاوێزان دەکا و پێیوایە دەقئاوێزان تایبەتمەندیی هەبونی کۆپلە و و بڕگەی دەقی دیکەیە لەناو دەقێکی دیکەدا، بە جۆرێک کە لە دەقەکانی دیکەی جیادەکاتەوە و دەکرێ ئەو وەرگرتنە سنورێکی دیاری هەبێ یان تێکەڵی دەقەکە کرابێ، هەروەها دەکرێ دەقەکە ئەو بڕگەیەی وەرگرتبێ و هاوڕای بێ، یان ڕەتیبکاتەوە، دەکرێ ئەم وەرگرتنەش وەکو گاڵتە و توانج بەکارهاتبێ (نورمان فیرکلف: 2015: 110).

میشێل فۆکۆ Paul-Michel Foucault (1926-1984) پێیوایە هەمو دەربڕینێک پەیوەندی بەو کەرەسانەوە هەیە کە بەیەکەوە لەژێر یەک کێلگە، یان تۆڕی هاوبەش کۆبونەتەوە و ئەو دەربڕینە نواندنی ئەو شێوازەیە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ دەکا، ڕەتیاندەکاتەوە، دەیانگۆڕێ، دوبارەیان دەکاتەوە یان دەیانگونجێنێ، بەجۆرێک هیچ دەربڕینێک نییە، کە دوبارە نواندنی دەربڕینێکی دیکە نەبێ (Foucault, M.: 1972 : 98). واتە بەپێی بۆچونی ئەو زانایانە بۆ بەرهەمهێنانی هەر دەقێک کۆمەڵێک هەڵبژاردن لەبەردەستی بەرهەمهێن هەن بۆ سود وەرگرتن لە دەقەکانی پێشوتر. بەڵام فێرکلەف 1992 پێیوایە هەمو بەرهەمهێنێکی دەق ئازاد نییە لەم سودبینینە، چونکە دەقئاوێزان پەیوەندییەکی گرنگی بە هەژمونەوە هەیە و دوبارە ڕۆنانی نەریتەکانە بۆ بەرهەمهێنانی نەریتی نوێ، ئەم توانستی بەرهەمهێنانەش لە واقیعدا بۆ هەمو کەسێک وەک بوارێکی ئازادی نوێگەری و گۆڕانی دەقەکان بەردەست نییە. بەڵکو کۆمەڵێک کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی بەپێی پەیوەندییەکانی دەسەڵات، ڕێگرن لەبەردەم ئەم پرۆسەیە. نمونەی ئەم کۆتوبەندانەش بریتین لە ڕێگری لەسەر ناوەڕۆک، ناسنامە و پەیوەندنییەکان.

لێکدانەوەی دەوروبەری دەقئاوێزان، لایەنێکی دیکەی ئەو ستراتیژیەتەیە، کە فێرکلەف لە هێلکارییەکەیدا تایبەتیکردوە بە لێکدانەوەی گوتار. لێرەدا لێکدانەوەی دەقئاوێزانی گەڕانەوەیە بۆ لێکدانەوەی گوتار بەپێی ئەو چوارچێوەیە کاتیی یان زنجیرەکاتییەی گوتارەکە یان دەقە دەگرێتەخۆی. واتە فێرکلەف ئەو لایەنەی لێکدانەوەی گوتار، بە ڕەهەندی مێژوییەوە پەیوەست دەکا. بەجۆرێک هەر دەقێک یان گوتارێک لەناو زنجیرەی کاتدا پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەق و گوتارانە هەیە، کە لەچوارچێوەی هەمان زنجیرە یان چوارچێوەدان، لێکدانەوەی دەوروبەری دەقئاوێزانیش دەستنیشانکردنی ئەو زنجیرەیە، کە دەقەکە دەگرێتەوە، هەروەها ئەم لایەنەی لێکدانەوە، دەستنیشانکردنی پێشگریمانەکانە، یان ئەو بنەما هاوبەشەی کە لەنێوان بەشداربوانی گوتارەکەدا هەن (نورمان فیرکلف: 2016: 207). واتە لەدەوروبەری دەقئاوێزاندا لەوانەیە لێکدانەوەیەکی هاوبەش لە نێوان بەشداربوانی گوتارەکە هەبێ، یان چەند لێکدانەوەیەک هەبن، لەو حاڵەتەدا یەکێک لەو لێکدانەوانە، کە خاوەنەکەی دەسەڵاتی زیاتری هەیە، بەسەر لێکدانەوەکانی دیکەدا دەسەپێ و خاوەنەکەشی دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی پێشگریمانەکانی دەبێ.

هەروەها لێکدانەوەی ئەو دەوروبەرە بۆ گوتار وەک کردەیەکی گوتاری بۆ هەر سێ کردەی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و بەکارهێنان سودی خۆی هەیە. بەجۆرێک بۆ بەرهەمهێنانی گوتار، فێرکلەف 1992 پێیوایە دەقئاوێزان مۆرک و ڕەهەندی مێژوویی دەقەکانمان بۆ دوپاتدەکاتەوە، واتە چۆن دەقەکان وەک بەردەوامی زنجیرەی پەیوەندیی ئاخاوتنی دەردەکەون و لە دەقەکانی پێشوتری پێکدێن و بەردەوامییان پێدەدەن. هەروەها لەڕوی دابەشکردنەوە فێرکلەف سودی لێکدانەوەی دەقئاوێزان بۆ دۆزینەوەی ئەو تۆڕانەی هۆکارن بۆ گواستنەوەی جۆرە جیاوازەکانی گوتار دەگەڕێنێتەوە، بە جۆرێک کە پێشبینی گۆڕانیان دەکەین لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە. بۆ نمونە کە گوتارە سیاسییەکان دەکرێنە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان، دەقئاوێزانی ئەو وتارانە لەگەڵ هەواڵەکاندا پێشبینیکراوە، و ئاسانتر ئەو گۆڕانکارییە لە جۆری گوتارەکاندا بەرچاودەکەون. لەلایەنی بەکارهێنانی گوتاریشدا ڕوانگەی دەقئاوێزانی یارمەتیمان دەدا بۆ دڵنیابون لەوەی کە کردەی لێکدانەوە تەنها پشت بە دەقێک یان کۆمەڵە دەقێک نابەستێ، بەڵکو پشت بەو دەقانەش دەبەستێ کە بەشداربوانی لێکدانەوە بە ڕێگای جیاواز بەشداری کردەی لێکدانەوەکەی پێدەکەن.

وەرگرتن و سودوەرگرتن لەدەقەکانی پێشوتر بە دو شێواز ئەنجامدەدرێ. جولیا کریستیڤا 1986 ئەو دو شێوازەی لەناو دەوروبەری دەقئاوێزاندا ناوناوە دەقئاوێزانی ئاسۆیی و ستونی، بەڵام فێرکلەف1992 بە زاراوەی دەقئاوێزانی ئاشکرا و دەقئاوێزانی دامەزرێنەر دەستنیشانیان دەکا.

## 1-4- دەقئاوێزانی ئاشکرا:

هەروەک لە زاراوەکەی ڕا دیارە، پێیدەگوترێ دەقئاوێزانی ئاشکرا، چونکە بریتییە لە بونێکی ئاشکرای دەقی دیکە، لەناو ئەو دەقەی شیدەکرێتەوە، ئاشکرایە چونکە نیشانەی دیار لە ڕوکەش و فۆڕمی دەقەکە هەن ئاماژە بە دەقەکەی پێشوتر دەکەن، وەکو ئاماژەکانی ناو دەق (Fairclough, N.: 1992: 132).

پەیوەندی ئاشکرای نێوان دەقەکان بە چەند شێوازێک دەردەکەوێ، فێرکلەف بەچەند دیاردەیەکی نێو دەقەکان باسیان دەکا، وەکو نواندنی گوتار، پێشگریمانە، نەرێکردن، مێتاگوتار و توانج.

### 1-1-4- نواندنی گوتار:

ئەگەر سەرەتا لە نواندنی گوتارەوە دەستپێبکەین، فێرکلەف بە نواندنی ئەو گوتارەی دەناسێنێ، کە بەرهەمهێنی دەق بە شێوازێکی دیاریکراو بەشێکی دەستنیشانکراوی گوتارێک لە دەقەکەی خۆی دەگێڕێتەوە (Fairclough, N.: 1992: 148) ئەم گێڕانەوەو نواندنەوەش هەمو لایەنێکی دەقەکەی پێشتر دەگرێتەوە، هەر لە قسە و نوسینەکانەوە، تا دەگاتە لایەنی ڕێزمانی و ئاوازی دەربڕین و تەنانەت هەلومەرجی دەقەکەش دەگرێتەوە. گرنگ ئەوەیە بەرهەمهێنی دەق چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆبێ، کە دەقەکە وەکو خۆی و بە هەمان وشە و دەربڕینەوە دەگوازێتەوە، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەسەر زاری خۆی، واتە بە وشەی جیاواز و وەرگێڕانی بۆ زمانی دەقە نوێیەکە دەقەکەی پێشوتر لەناو دەقەکەی خۆیدا دەنوێنێ.

بۆ نمونە لەو وتارەی لە شاری هەولێر و بە مەبەستی پاڵپشتی دانگدان بە بەڵێ پێشکەشرا، مەسعود بارزانی دەڵێ:

...، بەڵام بەداخەوە نە شەراکەت ما، نە دەستور ما، لەو دەستورەشدا هاتوە: إن الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق أتحاده الحر، ناڵێ وحدته، دەڵێت اتحاده، واتە پێکەوە ژیانێکی ئارەزومەندانە.

لێرەدا نێرەر دەقئاوێزانێکی ئاشکرا و دیاری بەرهەمهێناوە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئاشکرای دەقێکی دیکە و ئاماژەدان بە سەرچاوەکەشی، بەکارهێنانی دەقی دەربڕینی **إن الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق أتحاده الحر،** بە هەمان زمانی دەقەکە و بێ دەستکاری وەرگێڕانی نمونە نواندنی گوتارە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناو دەقێکی دیکەدا.

یان هەر لە هەمان وتاردا دەڵێ:

منیش پێمگوت؛ جەنابی سەرۆک وەڵڵا ئەوەی بەغدا بەسەر ئێمەی هێناوە، واشنتن بەسەر ئێوەی تێکساسی هێنابا، بە حەیاتت نەدەچویتە واشنتن.

بەپێچەوانەی نمونەوە سەرەوە، لەم نمونەیەدا گێڕانەوەی دەقی گفتوگۆی نێوان نێرەر و سەرۆکی ئەمریکا، بەشێوەیەکی ناڕاستوخۆ و بەدەستکاری و وەرگێڕانەوە دەقئاوێزانێکی ئاشکرای ناڕاستەوخۆی دروستکردوە.

گوتی ئێمە حەزناکەین بگاتە ئەو حەدە، بەڵام ئەگەر هەر چارە نەبو، التسريح بإحسان. دروست ئەمەی بەکارهێنا، یانی بەخۆشی لێک جیا ببینەوە (شاری سۆران)

مە ژی گۆت: بەری نوکە و ئەمڕۆش ئەگەر بەدیلەکی باشتر هەبی خۆ گەلێ مەش دێ ڕازی بی، ئەمما بەدیل نەبی ئەم دێ ڕیفراندۆما خۆ کەین، هەر چ هاتبی بلا بێت. (شاری زاخۆ)

لەم دو نمونەیەشدا بە هەمان شێوە و بەپێی ئەوەی زمانی دەقی وەرگیراو جیاوازە لەگەڵ زمانی نێرەر، بۆیە وەرگیران و سودلێبینینەکە بە دەستکاری و گۆڕانکارییە، بەڵام سەرچاوەکانیان دیار و ئاشکران.

## 4-1-2- پێشگریمانە:

هەروەک لە فەرهەنگی زمان و زمانەوانی تراسکدا Trask, R. L. 1997 هاتوە: پێشگریمانە بریتییە لە پێشنیارێک، کە ئەگەر دەربڕینەکە لۆجیکی بێ، ئەوا دەبێ ڕاست و دروستی ئەم پێشنیارە سەلمێنراو بێ. بەو شێوەیەش ڕاستی و دروستی ئەو دەربڕینە دەسەلمێنرێ، کە پەیوەندی بە کەرەسەیەکی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەوەی دەقەکەوە هەبێ.

پێشگریمانەکان جۆرێکی دیکەی دەقئاوێزانی ئاشکران لەنێوان دەقەکاندا، کە فێرکلەف لە ستراتیجیەتی لێکدانەوەی دەقئاوێزانی گوتاردا دەستنیشانیکردوە. هەروەها فێرکلەف 1992 دەڵێ: پێشگریمانەکان ئەو دەربڕینانەی کە بەرهەمهێنی دەق پێشەکی دان بە دروستتیان دادەنێ و کۆمەڵێک کلیلی فۆرمی هەن، کە لە ڕوکەشی ڕۆنانی دەقەکەوە ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکەن، وەکو ئامرازەکانی ناساندن.

ئەو کلیلانە بە ئاشکرا ئاماژەن بۆ بونی دەقی دیکە، ئەم دەقانەی پێشوتریش دەکرێ بۆ هەمان بەرهەمهێنی دەق بگەڕێنەوە یان بۆ کەسێکی دیکەی جیاواز لە خاوەنی دەقەکە. بەڵام ئەوەی تەمومژی و کێشە بۆ لێکدانەوەی دەقەکە دروستدەکەن ئەوەیە کە لەزۆربەی بارەکاندا دەقەکەی پێشوتر دەقێکی دیار و ئاشکرا نییە، کە بناسرێتەوە، بەڵکو دەقێکی نادیاری ناڕونە هاوتایە لەگەڵ ئەو بۆچونە گشتییەی خەڵک دەیەوێ بیڵێ، یان ئەو ئەزمونە کۆکراوەیەی وەرگر لە دەقەکەی وەریدەگرێ (نورمان فیرکلف:2015: 151) واتە فێرکڵەف پێیوایە ئاماژە ڕوکەشییەکانی گەڕانەوە بۆ دەقەکەی پێشوتر دیار و ئاشکران، بەڵام هیچ گرێنتییەک بۆ هەبونی ڕاستەقینەی ئەو دەقانە لە دەرەوەی خەیاڵی بەرهەمهێنی دەقەکە نییە، بۆ ئەوەی وەرگر بۆیان بگەڕێتەوە (نورمان فیرکلف:2016: 207). بە نەبونی ئەو گرێنتییەش ڕێگەیەکی ئاسان بۆ بەرهەمهێنی دەق دەکرێتەوە، کە یاری بە وەگر بکا، چونکە فیرکلەف دەق و باکگراوندی مەعریفی بەرهەمهێنی دەق دەکاتە سەرچاوەی پەیوەندی پێشگریمانەیی، لە نێوان ئەو دو سەرچاوەیەشدا نێرەر بە ئاسانی دەتوانێ گریمانەی ئەوە بکا و بڕوا بە وەرگر بهێنێ کە ئەو دەقانە لە ئەزمونی مەعریفی خۆیدا بونیان هەیە، لە کاتێکدا تەنها لە خەیاڵی نێرەر دان و بونی ڕاستەقینەیان نییە ناسینەوە و دەستنیشانکردنیان ئاسان نییە چونکە شاراوەن.

بۆ نمونە:

<u>زۆر سەیرە، ل دەرەڤە، دۆستێی مە، زۆر خەلکێ دی دبێن وەخت نییە. حەقیقەت ئەڤە پرسیارەکا مەزن دروست دکە، ئەی کەی وەختە؟ (</u>شاری زاخۆ)

لەم نمونەیەدا بەکارهێنانی **دەربڕینی زۆر خەلکێ دی دبێن وەخت نییە**، دەربڕینیکە سەرچاوەکەی دیار نییە و شاراوەیە، لە کۆنتێکستی زمانیی ئەم دەربڕینە دیار نییە، کە ئاخێوەرانی ئەو پەیامە کێن، بۆیە ڕاستی و دروستی هەبونی ئەو بۆچونە دیارنییە. ئەمەش پێشگریمانەیی نێرەر بۆ بڕواهێنان بە وەرگر، کە بۆچون و وتەیەکی لەم شێوەیە بونی هەیە.

<u>بڵێین: ئێمە برای یەکین و دەستی برایەتیتان بۆ درێژ دەکەین، ئەوانیش پێمان بڵێن: ملتان بشکێ، بڕۆنەوە ئێوە نانی ئێمە دەخۆن. شاری هەولێر.</u>

هەروەها بەرهەمهێنی دەق سەربارى گریمانەی پێشەکیی هەبونی کەرەستەی دەوروبەری دەقی دیکە، دەتوانن هاوڕای ئەو ڕەگەزانە بن یان ڕەتیانبکەنەوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی نەرێکردن (نورمان فیرکلف: 2015: 209). یان لە شوێنی دیکەدا دەڵێ:

<u>ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستانە، بڕیاری یەک حزب و دو حزب و سێ حزب نییە.</u>

(وتاری شاری سلێمانی)

<u>بڕیارا ڕۆژا 7/ حوزەرانێ بڕیارا گەلێ کوردستانێیە، نە بڕیارا شەخسەکێ یە</u>

(وتاری شاری دهۆک)

لەم دو نمونەیەی سەرەودا نێرەر لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی نەرێکردن لە هەردو دەربڕینی بڕیاری یەک حزب و دو حزب و سێ حزب نییە لەگەڵ، نە بریارا شەخسەکێ یە، پێشگریمانەی ئەوە دەکا و دەسەڵمێنێ، کە بۆچونێکی لەم جۆرەدا بونی هەیە و ئەو دێ لەڕێگەی دەقئاوێزانکردنی ئەو بۆچونە و بۆچونی خۆی ڕەتیدەکاتەوە.

## 4-1-3- مێتاگوتار:

فێرکلەف بەوە پێناسەی مێتاگوتار دەکا، کە بەرهەمهێنی دەق دەقەکەی دابەشی سەر چەند ئاستێکی جیاواز دەکا، بەجۆرێکی کە یەکێک لە ئاستەکان لەخۆی دوردەخاتەوە و وەکو دەقێکی دەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکا، واتە وەکو کەسێکی بێگانە لەسەرەوەی دەقەکەی خۆی قسە لەسەر دەقەکەی خۆی دەکا کۆنترۆلی دەکا و یاری پێدەکا (نورمان فيركلف: 2015: 152). بۆ نمونە:

بڕیار بو دەوڵەتێکی فیدڕالی و دیموکراتی لە عێراق دروست بکرێت، بەڵام پرسیار لە هەمو کەسێک دەکەم ئایا ئەمڕۆ دەوڵەتێکی فیدڕالی و دیموکراتی لە عێراق حاکمە یان دەولەتێکی مەزهەبی؟ (وتاری شاری هەولێر)

مێتاگوتار قسەکردنە لەسەر قسەی خۆت، نێرەر لەم نمونەیەدا پرسیار لەسەر قسەکەی خۆی دروست دەکا و وەکو کەسێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەو بۆچونە دەکا، کە خۆی بەکاریهێناوە. هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

پێمان بڵێن بگەڕێنەوە بۆ هێڵی سەوز، کە بۆ زانیاریتان هێڵی سەوز هێڵی تەماس بوە لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق. (وتاری شاری هەولێر)

لێرەش بەهەمان شێوە باسی ئەو دەربڕینەی خۆی دەکا و ڕونیدەکاتەوە، کە ئەو دەربڕینەی **هێڵی سەوز**، کە ئەو بەکاریهێناوە چ مانایەک دەدا.

یان لە وتارەکەی شاری سۆران دەڵێ:

ئێستا مولاحەزەیەکیان بۆ من هێنا ئەڵێن ناوی سیدەکانت لەبیرچو، من ناوی سیدەکانم لەبیر نەچوە و من وەکو قەزا حیسابم کرد، چۆمان و ڕواندز و مێرگەسۆر، ئەگینا هەمو شوێنەکان بۆ من پیرۆزن

لێرەش بەهەمان شێوە ڕونکردنەوەی هۆکاری بەکارهێنانی دەربڕین و وشەکانی دەخاتەڕو.

## 4-1-4- توانج:

توانج، گاڵتە و تانە و تەشەر دیاردەیەکی زمانییە و زۆر پێناسەی نەریتی بۆ کراوە. فێرکلەف پێیوایە ناساندنی توانج بەوەی، کە بریتییە لە گوتنی شتێک بۆ ئەوەی مەبەست لێی شتێکی دیکەبێ، وەسفێکی کۆن و کەم سودی توانجە، چونکە سروشتی دەقئاوێزانیی توانجی تێدا جێنەکراوەتەوە، توانجی ڕاستەقینە دەنگدانەوەیە، واتە توانج لە بنەڕەتدا بۆ گاڵتەکردن بە بۆچونێکی دیکە ڕۆنراوە و دەنگدانەوەی بۆچونێکی دیکەیە (دان سبيربر، ديدري ولسون: 2016: 410). واتە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان دەربڕینێکی گاڵتە و

دەربڕینێکی دیکە کە سەرچاوەی ئەو تەوسەیە. نمونەی ئەو جۆرە دەربڕینانەش لە وتاری ڕیفراندۆمدا بەرچاو دەکەوێ، وەکو:

<u>نوکە هندەک ل وان زمان درێژێت نوکە پەیدا بوی ل بەغدا، هێشتا نان و ئاڤێت کوردستانێ ل زگێت وادا.</u> (شاری زاخۆ)

<u>....، کیمیا باران کرین، گوندێن مە وێران کرن و هێشتا جەنابێ وان نە ڕازینە ئەگەر ئەم دەعوا حەقێ خۆ بکەین</u> (شاری ئامێدی)

ئەگەر بە وردی سەرنج بخرێتە سەر دەربرینەکانی **هێشتا نان و ئاڤێت کوردستانێ ل زگێت وادا، هێشتا جەنابێ وان نە ڕازینە،** دەبینرێ نێرەر بە مەبەستی توانج دەقئاوێزانێکی ئاشکرای لە نێوان وتە و کردەی کەسانێکی دیاریکراودا کردوە، بە شێوەیەک، کە وتە و کردوەیەک ببێتە ڕەنگدانەوەی وتە و کردەوەی دیکە. واتە بە توانجەوە ئاماژە بەوە دەکا، کە زمان درێژی هەندێک کەس ڕەنگدانەوەی پێدان و هەبونی نان و ئاوی کوردستانە لە زگیاندا. یان ناڕازیبونی هەندێک کەس وەک ڕەنگدانەوەی وێرانکردن و کیمیابارانکردنی گوندەکانی ئێمە.

## 2-4- دەقئاوێزانی دامەزرێنەر:

ئەم جۆرەی دەقئاوێزان جیاوازە لە دەقئاوێزانی ئاشکرا و کار لەسەر ڕۆنان و پێکهێنانی نەریتە گوتارییەکان دەکا، واتە پێکهێنانی ئەو نەریتە گوتارییانەی وەکو ڕەگەز بەکاردێن بۆ بەرهەمهێنانی گوتارەکە (نورمان فیرکلف: 2015: 132). لێرەدا فێرکڵەف لەبری جەختکردن سەر ئەو دەقانەی گوتارەکە پێکدەهێنن، سەرنجی لەسەر نەریتە گوتارییەکان چڕدەکاتەوە. بەپێی ئەو بۆچونانەی فێرکڵەف لەسەر ڕۆنانی گوتار و جۆری گوتار پێشکەشی کردون، جۆری گوتار وەک کۆمەڵە و کۆکراوەی ڕەگەزە جیاوازەکانی ناو ڕۆنانی گوتار دەناسێنێ و پێیوایە ڕۆنانی گوتار لە کۆمەڵێک ڕەگەزی نایەکسان پێکهاتوە، کە لەڕوی پێکهاتەوە بەیەکەوە بەستراون و سنورێکی جیاکەرەوەیان هەیە و بەردەوام و لەگەڵ جیاکردنەوە و بەستنەوەی ڕۆنانەکانی گوتار و بەهۆی ململانێ لەسەر هەژمون، دوبارە دەچەسپێتەوە (نورمان فیرکلف: 2015: 155).

واتە ئەو ڕەگەزانەی زۆر گرنگن بۆ جیاکردنەوەی جۆری گوتارەکان لە یەکتری، چونکە ئەو ڕەگەزانە بۆ هەر جۆرێکی گوتار نەریتێک و ڕۆنانێکی جیاواز بەرهەمدەهێنن، هەروەها گرنگییان لە بەستنەوەی گوتارەکانیش بەدەردەکەوێ، کاتیک بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ سود لەو ڕەگەزانە وەردەگیرێ، بەڵام هێشتا فێرکڵەف 1992 پێیوایە قسەکردن لەسەر ئەو ڕەگەزانە ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە ڕۆنانی گوتار زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کە بە چەند ڕەگەزێک بتوانرێ هەمو ڕەهەندەکانی باسبکرێ.

بۆ نمونە نێرەر لە شاری سلێمانیدا دەڵێ:

<u>من دڵنیام سلێمانی قەت قبوڵ ناکات نە مەحکومی کەس بی، نە سوغرەکێشی کەس بی.</u>

لێرەدا نێرەر سودیی لە ڕەگەزی گوتاری ئەدەبی وەرگرتوە ودەربڕینی **نە مەحکومی کەس بی، نە سوغرەکێشی کەس بی** لە دێرە شیعرێکی* شێخ ڕەزای تاڵەبانی وەرگرتوە و دەقئاوێزانی پەیامەکەی خۆی کردوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکا، کە سلێمانی ناچێتە ژێر باری ئەو زەخت و زۆریەی بەسەریانەوەیە.

بەڵام لەو بەکارهێنان و سودوەرگرتنەدا نێرەر ئاماژەی بە سەرچاوەی ڕەگەزە بەکارهاتوەکەی نەکردوە و تەنها ئەو وەرگرانە هەستی پێدەکەن، کە شارەزاییان لەو گوتارە هەیە، کە ڕەگەزەکەی لێوەرگیراوە.
هەروەها لە هەمان وتاردا دەڵێ:
100 ساڵە داواتان لێ ئەکەین شەریک بین، برا بین ئێوە قەبولتان نەکرد.
بەکارهێنانی دەربڕینی برا بین، چەمکێکی نەتەوایەتی و مۆرڤایەتییە، کە نێرەر بەبێ ئاماژە دەقئاوێزانی وتەکانی خۆی کردوە._ئەوە مانا و چەمکی گوتاری دامەزرێنەر دەگرێتەوە، کە بریتییە لە بەکارهێنان و سودوەرگرتن لە نەریت و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگا و ڕەگەزەکانی گوتارەکانی دیکە بۆ دامەزراندی گوتارێکی تایبەتی جیاواز.
هەروەها گوتاری ڕیفراندۆم سود لە ڕەگەزی ڕۆنانە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان وەرگرتوە و دەقئاوێزانی دەقەکانی کراوە، وەک ئەوەی لە وتارەکەی شاری ئامێدیدا هاتوە:
مەسەلا پێکڤە ژیانێ و برایەتیا مە وەکو مللەت کورد و عەرەب و تورکمان ئازادیا دین و ئایینان موسلمان، مەسیحی، ئێزدی، ئەڤە بەشەکن ل فەرهەنگێ مە ل خوینا مە، هەتا کو ژیان د گیانێ مەدا بیت لازمە ئەم پابەندی ڤان بنەمایانە بین
سودوەرگرتن لە ڕەگەزەکانی کۆمەڵگا و کەلتوری کوردەواری، وەک برایەتی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە لەگەڵ کورد و پێکەوە ژیانی ئایینەکان بە زەقی لەناو هەمو وتارەکاندا دیارە. نێرەر لە هەر حەفت وتاری دەستنیشانکراو وەک داتای توێژینەوە ئەم ڕەگەزە دەقئاوێزانی وتارەکانی دەکا و سەرنجیان لەسەر چڕدەکاتەوە.
بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەقئاوێزانە شاراوەیە بۆ ئاماژەکردن بە هەبونی پەیوەندی و پێکەوەژیان و تەبایی پێکهاتە و ئایینەکان، جۆرە پەیوەندییەکە، کە نێرەر پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگە و سەرچاوەی ڕێگەزی بەکارهاتو نییە و وەرگر ناچارە بکەوێتە ژێر هەژمونی ئەم ئاماژانەی نێرەر مەبەستییەتی بیگەیەنێ. چونکە هیچ داتا و سەرچاوەیەک لەلایەن نێرەر نەخراوەتەڕو و هیچ گومانێکیش لە دەوروبەری ڕەگەزە وەرگیراوەکان بەدەرناکەوێ.

## ئەنجام

1- لێکدانەوەی دەروربەری دەقئاوێزانی یارمەتیدەری شیکەرەوە و وەرگرە، بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانەی، کە گوتارەکەی لێبەرهەمهاتوە.
2- لە جۆری دەقئاوێزانی ئاشکرادا نێرەری گوتاری ڕیفراندۆم بەڕونی ئەو سەرچاوانەی خستوەتەڕو، کە دەقی دیکەی لێوەرگرتون و دەقئاوێزانی دەقەکەی خۆی کردوە.
3- گوتاری ڕیفراندۆم سودی لە دەقئاوێزانی دامەزرێنەر وەرگرتوە، بۆ گەیاندنی ئەو پەیام و بۆچون و زانیارییانەی، کە سەرچاوەکەیان شاراوەیە و بەڵگەی سەلمێنەریان نییە و لە هەردو حاڵەتی دروستی ئەو بۆچونە یان نادروستی، وەرگر ناچارە بڕوا بە نێرەری گوتارەکە بکا

# Intertextual Context in Kurdish Political Discourse, with Reference to Referendum Discourse

**Srwa Faisal Azeez[1] - Dyar Ali Kamal[2]**
[1]Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
[2]School of Foreign languages, Peking University, Chinese.

**Abstract**

This study is entitled "Intertextual Context in Kurdish Political Discourse, with Reference to Referendum Discourse". Intertextual context is Norman Fairclough's perspective in critical discourse analysis which is concerned with explaining the sources of discourse production. It highlights what these sources are and where they relate to other texts. This subject is at the second level of critical discourse analysis which is known as discourse interpretation level. It is a significant part which aims at reaching the common knowledge sources of discourse participants via interpreting the intertextual context of a given discourse. The aim is to achieve a common interpretation, for, in this regard; any discourse or linguistic act is in a deep relationship with some other texts .The current study is an attempt to interpret and to a large extent identify the sources of the referendum discourse (the whole face to face speeches of Massoud Barzani, Chairman of the High Council for Referendum). This study employs the descriptive analysis method. It, first, presents Fairclough's view on intertextual context. Then, the depicted examples of this are presented in the referendum discourse .

**Keywords:** Discourse, Critical Discourse Analysis, Interpretation, Intertextual Context, Referendum Discourse

## سەرچاوەكان:

روث فوداک، میشیل مایر، 2014، مناهج التحليل النقدي، ترجمة: حسام أحمد فرج، عزة شبل محمد، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

نورمان فيركلف، 2015، الخطاب والتغير الاجتماعي، ترجمة: محمج عنانی، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

نورمان فيركلف، 2016، اللغة والسلطة، ترجمة: محمد عنانی، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

دان سبيربر، ديدري ولسون، 2016، نظرية الصلة أو المناسبة، ترجمة: هشام أبراهيم عبدالله، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة.

Fairclough, N. 1989: Language and power, London, Longman.

Fairclough, N.1992: Discourse and Social Change. 1st Edition, Cambridge: Polity Press.

Flowerdew, J., Richardson, J. E. 2018: The Handbook Of Critical Discourse Studies, London and New York: Rotledge.

Foucault, M. 1972: The Archaeology of knowledge, London: Tavistock publications.

Kristeva, J. 1986: The Kristeva reader, Edited by: Moi, T., New York: Colombia University Press.

Trask, R. L. 1997: A Student's Dictionary of Language and Linguistic

Van Dijk, T. 2012: Structures of Discourse and Structures of Power, In Anderson, J. A. (ed.), Communication yearbook 12, Routledge.

## داتاكانی توێژینەوە:

وتاری شاری ئاكرێ، 2017/9/13 ، https://www.youtube.com/watch?v=Gx72Fl6g8zM

وتاری شاری زاخۆ ، 2017/9/14 ، https://www.youtube.com/watch?v=YKYW8wpiHHs

وتاری شاری ئامێدی، 2017/9/15 ، https://www.youtube.com/watch?v=zYMpcGltUGE

وتاری شاری دهۆک، 2017/9/16 ، https://www.youtube.com/watch?v=3t32sV-FuDQ

وتاری شاری سۆران، 2017/9/19 ، https://www.youtube.com/watch?v=fKX458w3goc

وتاری شاری سلێمانی، 2017/9/20 ، https://www.youtube.com/watch?v=DUBWlAc6UdU

وتاری شاری هەولێر، 2017/9/22 ، https://www.youtube.com/watch?v=DUBWlAc6UdU